Journal of Kurdish Literature
Autumn and Winter 2024
Vol. X, No. 2, Series 18

پژوهشنامه ادبیات کردی
پاییز و زمستان ۱۴۰۳
سال ۱۰، شمارۀ ۲، پیاپی ۱۸

# ڕەوتناسیی ئەدەبی هاوچەرخی هەورامی (شیعر)

فەرشید ڕۆستەمی[۱] (نووسەری بەرپرس)
کورش ئەمینی[۲]

(وتاری توێژینەوەیی)

کاتی وەرگری: ٧ی پووشپەڕی ۱۴۰۳، کاتی پەژێران: ۲۹ی ڕەزبەری ۱۴۰۳، لل. ۲۲۵-۲۰۳
DOI: 10.22034/JOKL.2024.141603.1381

**کورتە**

بنەمای ئەدەبی کلاسیکی کوردی، ئەو دیوانە شیعرانەی هەورامی (گۆرانی)یە کە سێ‌کوچکەیەکی وەك بێسارانی، مەولەوی و سەیدیی لێ‌بەجێماوە. پێش بونیاتنانی شاری سلێمانی بە دەستی حاکمانی بابان، هەورامی (گۆرانی)، زمانی نووسینی کوردستان بووە. لەگەڵ گەشەسەندنی دەسەڵاتی بابان، کوردیی ناوەندی، وەك زمانێکی یەکگرتوو، جێی هەورامی ئەگرێتەوە. لێرەدایە کە ئەدەبی هەورامی، دوای هەزار ساڵ لە گەشە ئەکەوێت و دێرتر ڕێفۆرمیزە ئەبێت. شیعری کلاسیکی هەورامی لەسەر دەستی سەیدی، سەرەڕای کێشی مەسنەویی دە بڕگەیی، شیعری عەرووزیش بە خۆیەوە ئەبینێ و دوای مەولەوی، شیعری کلاسیك، زۆرتر لە فۆرم و ناوەرۆکدا نوێ ئەبێتەوە. گەرماوگەرمیی مانیفێستی ڕوانگە و کفری یەکەمین گۆڕانکارییەکان لە شیعری هەورامی‌دا بەرەو شیعری بێ‌کێش و لادان لە فۆرمی کلاسیك پێکئەهێنێ. لەم لێکۆڵینەوەدا هەوڵ دراوە بە وردی، نیوسەدە نوێ‌بوونەوەی شیعری هەورامی، بە شیعری ئازاد و کێشی کلاسیکەوە بخرێتە بەر باس. ئەنجامی توێژینەوەکە ئەوە دەردەخات کە لە حەفتاکانی زاینیدا لە لایەکەوە ڕەوتی شیعری نوێ بە فۆرمی ئازادەوە، لە ژێر کاریگەریی شیعری نوێی کوردیی ناوەندی دەست پێ‌دەکا و لە لایەکی ترەوە شیعری کلاسیکیش بە کێشی مەسنەوی دە بڕگەیی و عەرووزییەوە، لە ناوەرۆکدا نوێ ئەبێتەوە کە هەر بەردەوامە.

***وشەگەلی سەرەکی:*** ئەدەبی هاوچەرخی هەورامی، ئەدەبی هاوچەرخی کوردی، شیعری هەورامی، شیعری نوێ

**چکیده**

بنیاد ادبیات کلاسیک کُردی، دواوین اشعار هورامی (گورانی) است که بیسارانی، مولوی و صیدی از سرشناس‌ترین سرایندگان آن هستند. تا پیش از بنای شهر سلیمانیه، هورامی (گورانی) زبان نوشتاری کُردستان بوده‌است. با قدرت گرفتن بابان‌ها، گویش سورانی همچون زبان معیار، جایگزین هورامی می‌شود. از این مقطع، ادبیات هورامی پس از هزار سال، از رونق می‌افتد و دیرتر اصلاحات را به خود می‌بینند. در دورۀ صیدی، اضافه بر وزن مثنوی ده هجایی، شعر عروضی نیز وارد ادبیات هورامی می‌شود و پس از مولوی، شعر کلاسیک، بیشتر در فُرم و محتوا متحول می‌شود. با ایجاد مکاتب روانکه و کفری، شعر هورامی نخستین اصلاحات را برای رهایی از قید وزن و شکستن ساختار کلاسیک تجربه کرد. این پژوهش بر آن است نیم قرن نوزایی شعر هورامی، در دو قالب کلاسیک و نو را بررسی کند. نتایج به دست آمده حاکی از آن است که از دهۀ هفتاد میلادی نخست جریان شعر نو هورامی در قالبی آزاد، تحت تاثیر شعر نو کُردی سورانی آغاز می‌شود و همچنین درونمایه‌ی شعر کلاسیک، در قالب وزن مثنوی ده هجایی و اوزان عروضی امروزی می‌شود. این نوزایی در فُرم و متحوای شعر هورامی، با تمام مختصات خود، تاکنون هم جریان دارد.

***واژگان کلیدی:*** ادبیات معاصر هورامی، ادبیات معاصر کردی، شعر هورامی، شعر نو

۱ . خوێندکاری ماستەری زمان و ئەدەبی فارسی، زانکۆی ڕازی، کرماشان، ئێران. f.hawrami97@gmail.com
۲ . توێژەری زمان و فەرهەنگ و ئەدەبی هەورامی، هەورامان، ئێران. amini.koorosh@yahoo.com

## ١- پێشەکی

بۆ ناسینی هەر ڕەوتێکی نوێی ئەدەبی، پێویستە ئاوڕێک لە ئەدەبی کلاسیک بدەینەوە تاکوو بزانین پێشینەی ئەو ڕەوتە کامەیە. هەروەتر کاتێ بە وردی خوێندنەوە بۆ هەر ڕەوتێکی ئەدەبی دەکەین، ناچارین ئاوڕێکیش لەو ڕەوتە ئەدەبی و فەرهەنگیانەی هاوسێ کە کاریگەرییان بەسەر یەکتردا بووە، بدەینەوە. بێ ئاوڕدانەوە لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیی ناوەندی و تا ڕادەیەک فارسی، شەنوکەو کردنی ئەدەبی هاوچەرخی کوردیی هەورامی، لە بواری ڕەوتناسییەوە کارێکی ئەستەمە، چوونکە سەرەتای لادان لە نۆرمە کۆنە پێشووەکانی ئەدەبیات لە هەوراماندا، لە ژێر کاریگەریی بارودۆخ و دەنگدانەوەی دەقی کوردیی ناوەندی و فارسی، تایبەتتر کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەنجومەنە ئەدەبی-فەرهەنگییەکانی کوردستان، چاپ و بڵاو بوونەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و هتد درووست بووە. ڕەوتی شیعری نوێی کوردیی ناوەندی، کاریگەر بووە لەسەر دەسپێکی شیعری نوێی هەورامی.

کەواتە پێش ئەوەی بڕۆینە سەر بابەتی سەرەکی و یەکەم جووڵانەوەکان، ئاوڕێکی کورت لەو ڕەوتە نوێخوازییانەی هاوسێ و بەراوردکردنی چۆنیەتیی بزووتنەوە ئەدەبییەکانیان ئەدەینەوە؛ دووبارە وتنەوەی مێژووی شیعری کلاسیکی هەورامی و مێژووی سەرهەڵدان و هۆکارە دەسپێکەرەکانی شێعری هاوچەرخی فارسی و کوردیی ناوەندی بە شێوازێکی کورت، یارمەتیدەر و لەوەجەی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

### ٢-١-شیعری هەورامی؛ بەردەوامی و نەوەستان

هەورامی، بە درێژایی چەندین سەدە، زمانی شیعری زۆرینەی شاعیرانی کوردستان بووە. مارف خەزنەدار لە بارەی بەردەوامیی ئەدەبی کوردی بە شێوەی هەورامی (گۆرانی) ئەڵێت: «شیعری ئایینی و لیریکی (غنائی) لە دیالێکتی گۆرانیدا کۆنترین شیعری زمانی کوردییە؛ لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە پەیدا بووە و لە بەرزی و نزمیدا بووە تا سەرەتای سەدەی بیستەم، ئینجا کەوتۆتە کزییەوە تا دووای جەنگی گێتیی دووەمیش هەر لە ناوەوە بووە» (خەزنەدار، ٢٠٠١: ١٦٠). ئەم ڕەوتە، شیعری ئایینی یارسان و شاعیرانێکی وەک جەلالە خانمی لوڕستانی[٣]، شێخ عیسا بەرزنجی[٤]، مەلا

٣-سەدەی ٤ی کۆچیی مانگی
٤-سەدەی ٨ی کۆچیی مانگی

پەرێشان[٥]، شێخ شەهاب کاکۆزەکریایی[٦]، بێسارانی[٧]، خانای قوبادی[٨]، شێخانی تەختە، ئەڵماس خان کەنوولەیی[٩]، سەیدی، میرزا شەفێع پاوەیی[١٠] و مەولەوی لەخۆ ئەگرێت. لەوانەیە زۆرێک پێیان وابێت، دوای مەولەوی تاوەگۆزی[١١]، شیعری هەورامی، بۆ هەمیشە بەرەو دۆخێکی وەستاو ڕۆیشت، بەڵام ئەبینین مەولەوی نە تەنیا دوایین شاعیری هەورامی نەبووە، بەڵکوو ڕەوتی شیعری هەورامی لە سەردەمی مەولەویدا، بە هەورامی و کێشی بڕگەیی ٥+٥، لەسەر دەستی شاعیرانێکی خاوەن دەق و دیوان وەکوو مەولانا خالید شارەزووری[١٢]، خاڵۆی کۆماسی[١٣]، فەقێ قادر هەمەوەند[١٤]، میرزاعەبدولقادر پاوەیی[١٥] و جەهانئارا خانم[١٦] درێژەی هەبووە.

لەگەڵ ئەوەی دوای دەسەڵاتی بابانەکان، کوردیی ناوەندی وەک زمانێکی ستاندارد زاڵ ئەبێ بەسەر بەشەکانی تری کوردیدا، شیاوی سەرنجە بوترێت دوای مەولەویش، ڕێ و ڕەوتی شیعری هەورامی بە قەڵەمی کەسانێکی وەکوو سێیاقووب مایدەشتی[١٧]، تاهێر بەگی جاف[١٨]، فەنایی[١٩]، شێخ عوسمان نەقشبەندی[٢٠]، مەلا حەسەن دزڵی[٢١] و میرزای هەورامی[٢٢] درێژەی ئەبێ و هیچ دابڕان و وەستانێک لە ئارادا نابێ و لە حەفتاکانی زایینیدا شیعری هەورامی لە فۆرم و ناوەڕۆکدا تووشی گۆڕانکاری ئەبێت.

---

٥-(٨٢٥-٧٥٧ ک م)
٦-(١٠٧٢-١٠٠٣ ک م)
٧-(١١١٣-١٠٥٣ ک م)
٨-(١١٦٨-١٠٨٣ ک م)
٩-سەدەی ١٢ی کۆچیی مانگی
١٠-(١٢٥٢-١٢٠٠ ک م)
١١-(١٢٦٢-١١٦٨ ک م)
١٢-(١٢٤٢-١١٩٣ ک م)
١٣-(١٢٩٤-١٢١٠ ک م)
١٤-(١٣٠٨-١٢٤٧ ک م)
١٥-(١٣٢٨-١٢٦٦ ک م)
١٦-(١٣٢٩-١٢٧٥ ک م)
١٧-کۆتاییەکانی سەدەی ١٣ و سەرەتاکانی سەدەی ١٤ کۆچیی مانگی
١٨-(١٣٣٧-١٢٩٥ ک م)
١٩-(٢٠٠٤-١٩٣٢ ز)
٢٠-(١٩٩٧-١٨٩٦ ز)
٢١-(١٣٦٤-١٢٧٥ ک م)
٢٢-(....-١٣٣٥ کۆچیی هەتاوی)

یەکێک لە ناسراوترین شاعیرەکان لە مێژووی دووسەدەی کۆتایی شیعری کلاسیکی هەورامی، بێ‌گومان کەسایەتیی دیار و بەرچاوی مەولەوییە. کاریگەریی بێ‌وێنە و لەبەرچاوی مەولەوی و هەروەها هەندێک تایبەتمەندیی زمان و شیعری هەورامی، بوونەتە هۆکار کە شیعری کلاسیکی هەورامی، لە فۆرم و ناوەرۆکدا درەنگ‌تر گۆڕانکاری بە خۆیەوە ببینێت (محمدپور، ۱۳۹۲: ۱٤۱).

خاڵێک کە جێی ئاماژەیە، بەرز و نزمیی ڕەوتە ئەدەبییەکانە لە بواری ئەدەبییەوە؛ بە گشتی سەرەتا و کۆتایی ڕەوتە ئەدەبییە کلاسیکەکان کاتێکی دیاریکراویان هەیە و لادان و پشتکردن لە هەر ڕەوتێک بە دەستی نووسەران و شاعیران ناکرێت بێ هۆکار بێت. جاری وا هەیە نشێوی و ئاستنزمیی دەق لە قۆناغێکی مێژوویيدا ئەبێتە هۆی داخرانی درگای داهێنان و سەرهەڵدانی دەق بە شێوازێکی نوێ و پێ دەچێت «سەرەکیترین هۆکاری نوێ‌بوونەوەی شێوازی نووسینی ئەدەب، هاتنی گۆڕانکاری بێت بە سەر پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکاندا» (شمیسا، ۱۳۹۸: ۱۸۷). کەواتە ئەکرێت بڵێین لە شیعری هەورامیشدا، ئەگەر ئەو دووپات بوونەوەی ناوەرۆک و فۆرم و ڕۆچوونی ڕەوتی ئەدەبیی هەورامی بەرەو ئاستنزمی لە لایەکەوە و ئاڵوگۆڕی سیستەمی کۆمەڵایەتی لە لایەکی ترەوە لە سەردەمی پاش مەولەوی نەبوایەت، ئەوە ئێستە چەمکێک بە ناوی ڕچەشکێنی و لادان لە نۆرمە کۆنەکان و بە گشتی شیعری هاوچەرخ، بوون و مانایەکی نەدەبوو.

بابەتێکی مێژوویی گرینگ کە جێگای سەرنجە، فۆرمی شیعری هەورامییە، پێش دەرکەوتنی شیعری ئازاد و بێ‌کێش و سەروا؛ شیعری مەسنەوی دە بڕگەیی ٥+٥، باوترین و ناسراوترین جۆری نووسین بووە لە شیعری هەورامیدا. وەکوو کێشی بەیتی خوارەوە:

ئازیزم ئامای، ئای بێ‌قەرار وێم    ئای ئای چەمەڕا، ئای ئینتیزار وێم

٥+٥    ٥+٥

(مەولەوی،۱۳۹۲: ٥۱)

ئەم قاڵبە، تا سەردەمی سەیدی هەورامی[23] کە هاوچەرخی مەولەویش بووە، جیا لە نەگۆڕی و بەردەوامی، وەک دیارترین و گشتگیرترین فۆرمی شیعر بەردەوام ئەبێت. بەڵام لە لایەن سەیدییەوە، هەندێک گۆڕان و تازەگەری لە شیعری هەورامیدا سەر هەڵئەدەن کە لەم لێکۆڵینەوە بە وردی شیکاری ئەکرێن. دەسەڵات و زانیاریی سەیدی بە سەر شیعردا، گەشەی غەزەلی هەورامی لەسەر دەستی ئەو، کەڵک‌وەرگرتن لە زمانێکی ئەدەبیی تایبەت و لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییە زمانییەکان، نووسینی شیعر بە چەند زمان و داهێنانی کێش و فۆرمی نوێ لە شیعری هەورامیدا، بوون بە هۆکار کە سەیدی وەک مەولەوی و بێسارانی کاریگەرییەکی زۆری بە سەر ڕەوتی

---

۲۳-(۱۲۷۰-۱۲۰۰ ک م)

شیعری هەورامیدا ببێ و شاعیرانی دوای خۆی لە توانا و بەهرەکانی سەیدی کەڵک وەربگرن (حەبیبی، ١٣٩٨: ١١٥).

**٣-١- هەورامان لە نێوان تاران و سلێمانیدا**

لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، ڕۆژهەڵاتی ناوین بەرەو ڕووی جۆرێکی‌تر لە سیستەمی سیاسی و شێوازێکی تازە لە بیرکردنەوە و ئەندێشە، ژیان، فەرهەنگ و ئەدەب بوویەوە. هەر لە شۆڕشی گەورەی فەڕەنساوە بگرە کە ئاڵوگۆڕیی سیستەمی سیاسی-کۆمەڵایەتی و ڕێخەکانی دیمۆکڕاسیی بە دواوە بوو، تا شۆڕشی پیشەسازی و هەروەها، شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ لە ڕووسیا. شاعیران و نووسەرانی فارس و کوردی ئەو سەردەمە وەک عەرەبەکان و عوسمانییەکان، کەوتنە بەر ئەم شەپۆلە تازەوە و دەستیان دایە نوێکردنەوەی شێعر و پەخشان. سەرهەڵدانی ئایدۆلۆژیای مارکسیزم و بیری واقیعگەرایی پاشانیش سەرکەوتنی شۆڕشی چەوساوەکان لە ئۆکتۆبەری ١٩١٧ لە ڕووسیا بەسەر بیری زۆربەی قوتابی و گەنجە کوردەکانی ساڵانی چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم ڕەنگی دایەوە (پیرباڵ، ٢٠٠٧: ١٩). هەمووی ئەم ڕووداوانە بە تێکرا و کردنەوەی دەروازەی هاتوچۆ بۆ وڵاتانی تر، لە لایەن تورک و عەرەب و فارس و کوردەکانەوە، بیری یەکەم جیلەکانی بۆ مۆدێڕن بوون و تازەیی لە بوارە جیاکاندا، بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

هاتنی گۆڕانکاری بە سەر دوو کۆمەڵگەی فارسی و کوردیدا، نوێ بوونەوەی پێکهاتە سیاسییەکان و بە دەستهێنانی بیر و بڕوای نوێ لەلایەن شاعیرانەوە وەک سووژەیەکی دانیشتوو لەو کۆمەڵگایە، لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئەبێتە هۆکار نووسینی شیعر وەک کردەیەک، لە پێوەندییەکی هێرمۆنۆتیکی لە نێوان بارودۆخی سیاسی- کۆمەڵایەتی، ژیان، ڕەوشت و بیری شاعیران، تووشی گۆڕانکاری بێت و هاوشانی ڕووداوەکانی دەوروبەر، خۆی نوێ بکاتەوە. شرۆڤەی دۆخی سیاسی-کۆمەڵایەتیی دوو جوغرافیای کوردی و فارسی ئەم دەسکەوتەمان پێ‌ئەدا کە هەورامان لە بەر ئەوەی دوور لە سەنتەری گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بووە، تا ١٩٧٠ی زایینی، بە جۆرێک لە کردەی نووسین و لە بازنەی چەمکی ئەدەبیاتدا، لە ئاستی گۆڕانکارییەکان پەرچەکرداریی لە خۆی نواندووە.

لە کۆمەڵگای ئێراندا، یەکەمین جووڵانەوەکان، بۆ ناردنی چەند قوتابی بۆ ئەورووپا بە مەبەستی دەرس خوێندن دەگەڕێتەوە. لێرەوەیە کە ئاشنا بوون لەگەڵ فەرهەنگ و ژیانی نوێی ئەورووپیی و تازەترین کەرەستە و دیاردەکان دەست پێ‌دەکات. عەباس‌میرزای قاجاڕ کە خواستی مۆدێڕنیزە کردنی

ئێران بوو، لە دوو قۆناغدا چەند قوتابیی بۆ دەرەوە نارد و بە گەڕانەوەی ئەوان، چاپخانە، ڕۆژنامە، مەکتەب، وەرگێڕان، شانۆ و چیرۆکنووسی لە ئێران سەری هەڵدا (لنگرودی، ۱۳۷۰: ۱۸). ئەو قوتابییانەی ئەورووپایان بینی بوو، یەکەم کەسانێک بوون کە بە هاتنەوەیان، بناغەی بیری ئازادیخوازییان لە ناو جیلی خوێندکار و دواتر خەڵکی ئاسایی پەرە پێدا.

جیا لە ئەورووپاش، بزووتنەوەی مەشرووتەی عوسمانی لە ساڵی ۱۸۷٦ی زایینییەوە، کاریگەریەکی ئاشکرای بەسەر ئەو ئێرانیانەدا بوو کە هاتوچۆی دەرەوەیان ئەکرد. لە ڕێگەی عوسمانییەوە ئێرانییەکان لەگەڵ بەشێکی زۆر لە بیرۆکە و دیاردە نوێیەکان ئاشنا بوون. یادگار ڕەسول حەمەدئەمین بالەکی لە نامەی ماستەرەکەی خۆیدا لە ژێر ناوی «سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی۱۹۳۲-۱۸۹۸»، دەربارەی هۆکارە دەرەکییەکانی نوێبوونەوەی شیعری کوردی ئەڵێت: «لە هۆکارە دەرەکییەکانیش کاریگەریی ئەدەبیاتی ئەورووپی و ئەدەبیاتی میللەتانی دەوروبەر بە تایبەت تورکی و بارودۆخی ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانی ڕۆڵیان لە تازەکردنەوەکەدا هەبوو» (حەمەدئەمین بالەکی، ۲۰۰۵: ۱۷۹). هەروەها عوسمانییەکان بە بزووتنەوە فیکرییەکانیان، ڕۆڵێکی گرینگیان هەبووە لە هاتنی بیری نوێ بۆ سلێمانی و کوردستانی عێراق.

شۆڕشی مەشرووتە، یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانی گۆڕانکاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بەتایبەت فەرهەنگی بوو لە مێژووی ئێراندا و لەم ڕووەوە، گرینگترین هۆکاری گۆڕانی ڕێبازی بە دواوە بوو، کە ڕێبازی نوێ لە شیعر و پەخشانە؛ بەم واتایە کە ئەدەبیات چ لە بواری فیکرییەوە و چ لە بواری ڕوخسار و فۆرمەوە، بە دوو بەشی کۆنە و نوێ دابەش بوو (شمیسا، ۱۳۹۸: ۳۲۷). هاوتەریبی هاتنی دیاردە نوێکان بۆ ئیران و گۆڕانی کۆمەڵگا، وردە وردە شیعر لە ناوەرۆکدا لە بەرهەمی کەسانێکی وەک «میرزادە عشقی» نوێ ئەبێتەوە و لە فۆرمیشدا، کەسێک وەک «تقی رفعت»، هەندێک شیعر بە شێوازی نوێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو کاتەدا بڵاو ئەکاتەوە. بەڵام ئەوە «نیمایوشیج»ـە کە جیا لە شکاندنی فۆرم بە شێوەیەکی زانایانە، بنەمای ڕەوتی شیعری نوێی فارسی دادەڕێژێ. دواتر لە کوردستانی ئێران کە سوارە ئێلخانیزادە و هاوڕێکانی، واتە عەلی حەسەنیانی و چاوە، شیعر نوێ ئەکەنەوە، ڕەوتێک کە بە سەر سوارەدا ڕۆڵێکی لەبەرچاو و کاریگەری بووە، ڕچەشکێنییەکانی نیمایە. شیعری نوێی هەورامیش لە کوردستانی ئێراندا، لە ژێر کاریگەریی ڕەوتی شیعری نوێی کوردیی ناوەندی سەری هەڵدا کە بناغەکەی لە لایەن سوارەوە داڕێژرابوو.

هەر وەک چۆن لە ئێراندا گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی مێژووییان هەبوو لە سەر نوێبوونەوەی ئەدەبیات و شیعر، لە کوردستانیش هەمان وەرچەرخان ڕووی دا. دوای ڕووخانی

دەسەڵاتی عوسمانی و شەڕی یەکەمی جیهای، بەشێکی زۆری خاکی کوردستان -جگە لە کوردستانی ئێران- لە بەر بەرژەوەندیی فەڕەنسا و بریتانیا، پارچە پارچە کرا و هەر بەشێکی بە سەر وڵاتانی تورکیە و سووریە و عێراق دابەش کرا. کاریگەری ئەم ڕووداوە هەستی نەتەوەیی و نیشتمانیی لە بیرۆکەی کەسایەتیی کورددا زۆرتر لە پێش کرد و ئەکرێ بڵێین ئەم چەمکە، بەشێکی زۆری ناوەرۆکی شیعرەکانی ئەو سەردەمەی گرتەوە. کوردەکانی بەشی کوردستانی عێراق هەر لە سەرەتاوە، هەوڵیان ئەوە بوو ببنە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان.

یەکێک لەو کەسانە زۆر شۆڕشی لەم پێناوە ڕێبەری کرد، شێخ مەحموود بوو. دواتر بارزانییەکان درێژەیان بە خەبات و شۆڕش دا. ئەنجامی هەموو هەوڵ و تەقالا و کۆششی نیشتمانپەروەرانی کورد لە سەر ئەوە نیشتەوە سوود لە قانوونی زمانانی ناوچەیی (قانون اللغات المحلیه) وەربگرێ (خەزنەدار، ٢٠٠٥: ٩).

هەر بەم بۆنەوە لە کوردستانی عێراق ئەو هەلە ڕەخسا کە بە کوردی بخوێندرێ، بنووسرێ، کتێبی کوردی و ڕۆژنامە و گۆڤار بڵاو ببێتەوە و هەروەها کۆڕ و کۆبوونەوە ئەدەبی و ڕۆشنبیریەکان بە ئازادانە ساز بکرێن. جیلێک لە نووسەران و شاعیرانی ئەو دەمە، وەک حاجیقادری کۆیی و پیرەمێرد، هاتوچوی عوسمانییان دەکرد و بە گەڕانەوەیان بۆ کوردستان، هەگبەیێ پڕ لە بیرۆکەی نوێ و فیکر و کەلتوور و ئەدەبی ئەورووپا، کە لە ڕێگەی تورکەکانەوە ئاشنا ببوون لەگەڵی، هاوردیانەوە بۆ کوردستان. ڕۆشنبیرانی ئەو کاتەش وردە وردە دەستیان کرد بە ڕەخنە و ڕەد کردنەوەی عەقڵی کۆنە و لە ڕۆژنامە و گۆڤار و کۆڕەکاندا، بەردەنگیان ئاگاداری دیاردە نوێکان کردەوە.

شیعری کوردیی ناوەندی سەرەتا لە ناوەرۆکدا لە لایەن کەسانێکی وەک فایەق بێکەس، زێوەر و قانع وە، گۆڕانکاریی بە سەردا هات. شیعرە نیشتمانییەکانی حاجیقادر و کۆمەڵایەتییەکانی پیرەمێرد، پێشڕەوی شیعری کۆمەڵێک لە شاعیرانی سەدەی بیستەم بوون (طاهر، ٢٠٠٦: ٨٤). بەرە بەرە، بە تازە بوونەوەی شیعر لە ناوەرۆکدا، چەمکی ئەدەبیات دێتە ناو جەماوەری خەڵک و سەرشەقامەکان و ڕەنگدانەوەی ڕەنج و کێشەکانی کۆمەڵگای کوردەواری لە شیعردا زۆرتر ئەبێت. عەبدوڵڵا گۆران (١٩٦٢-١٩٠٤ز) یەکەم کەس بوو کە شیعری کوردیی ناوەندیی لە ناوەرۆک و فۆرمدا نوێ کردەوە.

هەرچەن پێش ئەو، کەسانێک وەک شێخنووری شێخساڵح وەک جیلی بەرایی ئامادەکارییان بۆ نوێکردنەوەی شیعر وەگەڕ خستبوو. بەڵام گۆران جیا لە شیعرەکانی، لە سەر پێویستیی نوێبوونەوەی شیعر، زۆری نووسیوە و وتووە و ئەوە ئەو بوو کە بنچینە و پێکهاتەی ڕەوتەکەی دارشت. خاڵی گرینگ و بەرچاوی ڕچەشکێنییەکەی گۆران ئەوەیە کاتێ ئەیەوێت کێشی شیعری

کلاسیک بشکێنێت و دەموچاوێکی نوێ لە شیعردا بخولقێنێت، ئەگەڕێتەوە سەر کێشی بڕگەیی و بە تایبەت کێشی دە بڕگەیی شیعری هەورامی. ئامر تاهیر لەو باوەڕە دایە:

> شۆڕشی ڕاستەقینەی گۆران لە بواری کێشی شیعری کوردیدا بریتییە لە دەرخستنی پڕۆژە نوێگەرییەکەی لە چوارچێوەی کێشی عەرووزی عەرەبی و هۆنینەوەی شێعرەکانی بە کێشی بڕگەیی خۆماڵیی کوردی. ئەم کارەی گۆران بێگومان مانایەکی تایبەت دەگرێتەوە خۆی. هێنانە ناوەوەی کێشە خۆماڵییەکان بۆ ناو شیعری نووسراوی کوردی بەهادانە بە فاکتەرە کولتوورییە نەتەوایەتییەکان بەرانبەر بەو فاکتەرە بیانییانەی شیعری کوردییان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ داگیر کردبوو. ئەمەش بە بەکارهینانی کێشە بڕگەییەکانی شیعری سەرزارەکیی کوردی کە بریتین لە کێشەکانی دە بڕگەیی (٥+٥)، هەشت بڕگەیی (٤+٤) و حەوت بڕگەیی (٤+٣ یا ٣+٤) (طاهر، ٢٠٠٦: ١٠١).

ئەم هوشیارییەی گۆران لە ژێر کاریگەریی نوێبوونەوەی شیعری تورکی بوو. یەکەم شیعری نوێی هەورامیش لە حەفتاکانی زایینیدا بە شکاندنی کێشی دە بڕگەیی ئەنووسرێت و ئەمە نیشانەی کاریگەریی ئوسلووبی لادان و نوێ کردنەوەی شیعری کوردیی ناوەندییە بە سەر شیعری هەورامیدا لە کوردستانی عێراق.

لەنێو ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە باس کرا و بوونە هۆی زۆرێک گۆڕانکاری لە ئەدەبیاتی فارسی و کوردیی ناوەندیدا، جوغرافیا و فەزای شیعری هەورامی لەو سەردەمانە، بێدەنگە و ئەکرێ بوترێت هیچ گۆڕانێک، بە تایبەت ئەدەبیی تێدا نابیندرێت و ئەمەش درێژەی ئەبێت تاکوو سەردەمێک کە شاعیر و نووسەرە هەورامییەکان، تێکەڵیی ئەنجومەن و کۆڕ و کۆبوونەوەی شارەکانی کوردستان ئەکەن. نەبوونی ئەم جموجووڵە فەرهەنگی و سیاسی و کۆمەڵایەتییە لە هەوراماندا و دێرتر ڕووبەڕوو بوونەوەی هەورامییەکان بەرانبەر بە دیاردە نوێکان، لەبەر جوغرافیایەکی شاخاوی و کوێستانی، هۆکارێکی ترە بۆ دواکەوتنی نوێخوازی لە ئاست شیعری کوردیی ناوەندیی و فارسی لە ئەدەبیاتی هەورامیدا.

## ٤-١-سوودەکانی لێکۆڵینەوە

زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەمەڕ ڕەوتی شیعری نوێی کوردییەوە نووسراون، تەنیا باسی شاعیرانی کوردیی ناوەندیینووس و ڕەوتی شیعری کوردیی ناوەندیی کردووە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە دەستەواژەی «شیعری نوێی کوردی» لە حەقیقەتدا ئەبێ ڕەوتی شیعری نوێی دیکەی زمانە کوردییەکانیش بگرێتەوە. بەداخەوە زۆربەی ئەو توێژینەوانە، هەر بەم بۆنەوە، ناتەواون. چوونکە هەر توێژەرێک کە باس لە ڕەوتی شیعری نوێی کوردی دەکات، هاوکات ئەپەرژێتە سەر برێک تایبەتمەندیش و بۆی هەیە ئەو چەمک و خاڵە ئەرێنی و نەرێنییانە تەنیا لە کوردیی ناوەندیدا ڕاست بن و ڕەوتی شیعری نوێی کرمانجیی سەروو، بادینی، هەورامی و کەلهوڕی ڕەدی بکەنەوە.

لەبەر زۆریی ئەو وتار و کتێب و لێکۆڵینەوانەی کە پسپۆڕانە لە سەر شیعری نوێی کوردی (کوردیی ناوەندی) نووسراون و ڕوانگەیان بەو شێوە بووە لەگەڵ ئەم چەمکەدا، لێرە، بە تایبەت ناوی هیچ توێژەر و لێکۆڵینەوەیەک نابرێت، بەڵام هەر لەو توێژینەوانە، تەنانەت ئاماژەیەکیش بەوە نەکراوە کەلهوڕی یان هەورامی خاوەنی ڕەوتێکی نوێی شیعرین. ئەگەر کتێب و وتار و لێکۆڵینەوەیەکیش لە سەر ڕەوتێکی شیعری جگە لە کوردیی ناوەندی نووسرابێت، ئەوە بێ‌گومان لە لایەن کەسێک نووسراوە کە خۆی زمانی زگماکیی کەلهوڕی، بادینی یان هەورامییە و لە ئاقاری هەست کردن بەم بۆشاییە بووە کە توێژینەوەیێک بەدی هاتووە.

سەرەکیترین سوود و ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوە، ئاگادار کردنەوەی بەردەنگی شیعری نوێی کوردییە لە سەر ڕەوتی شیعری هاوچەرخی کوردیی هەورامی و پیشاندانی ئەم بۆشاییە، تاکوو خوێنەر و لێکۆڵەر بزانێت شیعری هاوچەرخی کوردی، بە گشتی، تەنیا بریتی نییە لە کوردیی ناوەندی و زارەکانی دیکەی کوردیش، خاوەنی شاعیرانێکی ساحیبدەق و دیوان و نوێخواز و ڕچەشکێنن. ئەم توێژینەوە و ئەوانەی کە لەم جۆرەن، ئەتوانن سوود و سامانێکی مێژوویی و فەرهەنگی ببەخشنە ئەدەبیاتی کوردی، بەو هیوایە کە چەمکێک وەک شیعری کوردی بە هەموو بەشە جیا و دەوڵەمەندەکانییەوە بخوێنرێتەوە و پێناسە بکرێت.

## ١-٥- پێشینەی لێکۆڵینەوە

تا ئێستە ڕەخنەگران و لێکۆڵەرە هەورامییەکان، لە قەبارەی کتێب و وتاردا، زۆر کات لە سەر ڕەوتی شیعری نوێی هەورامی، یان نوێ‌بوونەوەی شیعر نووسیویانە. عادڵ موحەممەدپوور لە کتێبێک بە ناوی *طرح* (١٣٩٢)، پەرژاوەتە سەر ڕەوتی شیعری هەورامی لە سەرەتاوە تا ئێستە و لە بەشەکانی کۆتاییدا باسیشی لە شیعری نوێ و هەندێ دەق کردووە. عەبدوڵڵا حەبیبی لە پێشەکیی کتێبی *دیوانوو سەیدی هەورامی* (١٣٩٨) و هەروەها پێشەکیی کتێبی *خامە و خەیاڵ* (١٣٩٧)دا، گۆڕان، نوێ بوونەوە، فرەیی و جۆراوجۆریی قاڵبی شیعرە کلاسیکەکانی شیکاری کردووە. ڕەئوف مەحموودپوور لە کتێبی *گۆڕمانە* (١٣٩٧)دا، بە کورتی و لە چەند لاپەڕەدا لەسەر دەسپێکی شیعری نوێی هەورامی قسەی کردووە و لە درێژەی کتێبەکەدا پەرژاوەتە سەر شیکاری و شرۆڤەی هەندێ لە کۆمەڵە شیعرە هەورامییە چاپ کراوەکان.

بەڵام نزیک‌ترین کار بەم لێکۆڵینەوە، کتێبێکی عادڵ موحەممەدپوورە بە ناوی *هۆرزانە* (١٤٠٠) کە لەوێدا دەربارەی هەندێ باس و بابەتی تێئوریکی-ئەدەبی، شیعری نوێی هەورامی، خوێندنەوەی یەکەم دەقەکان و برێک شیعری‌تر و هەروەها نوێ‌بوونەوەی شیعری کلاسیک بە کورتی و پاشان شرۆڤەی چەند غەزەلی هاوچەرخ قسەی کردووە. لەم توێژینەوە ڕوانگەی مێژوویی زاڵە و هەوڵ

دراوه بە وردی و هاوکات لە یەک بابەتی زانستیدا، نوێبوونەوەی هەردوو شیعری کلاسیک و نوێ، لایەنە کاریگەرەکان، شیکاریی نیوسەدە نوێخوازیی شاعیران، تایبەتمەندییەکانی شیعری کلاسیک و نوێی هەورامی و جێ و پێی ئەم ڕەوتە لە مێژووی شیعری هاوچەرخی کوردی باس بکرێت؛ بابەتێک کە لە هیچ کام لەو لێکۆڵینەوانە وا ناو بران، بە تێر و تەسەل لە بەر چاو نەگیراوە.

**۲- شیعری کلاسیکی هاوچەرخی هەورامی**

لە مەسنەوی دە بڕگەییەوە بۆ غەزەلی عەرووزیی سیاسی-کۆمەڵایەتی و چەند تایبەتمەندیی فۆرمیک: لەگەڵ ئەوەدا گشتگیرترین قاڵبی شیعری کلاسیکی هەورامی، بە درێژایی مێژووی ئەم ئەدەبە، مەسنەوی دە بڕگەیی بووە، بەڵام ئەم قاڵبە بەردەوام لە ناوەرۆکدا بە دەستی شاعیران نوێ بووەتەوە و هەروەها چەند شاعیری شێوازخولقێنەر، هەندێ گۆڕانکاریی فۆرمیکیان بە ڕەوتەکە زیاد کردووە. دوای هاتنی ئایینی ئیسلام تا سەردەمی بێسارانی، شیعری هەورامی ئەو فۆرم و قاڵبی خۆیە پاراستووە و زۆرتر ناوەرۆکێکی دینیی — بە تایبەت ئایینی یارسان- هەبووە.

بێسارانی بە کەڵک وەرگرتن لە سروشتی جوانی هەورامان و هاوردنی شیعری عاشقانە و هەروەها پەرەدان بە وێنە خولقاندن و جوانییە ئەدەبییەکان لە شیعردا، جموجووڵێکی تازەی خستە نێو شیعری هەورامییەوە و شێوازێکی تازەی داهێنا کە بە ڕێبازی بێسارانی ئەناسرێت (حەبیبی، ۱۳۹۸: ۱۰۹). پاش بێسارانی، مەولەوی تاوەگۆزی، شیعری هەورامیی بە تێکەڵ کردنی عەشق و عیرفان گەیاندە بەرزترین ئاستی جوانی، بەڵام هیچ قاڵبێک جگە لە مەسنەوی دە بڕگەیی نابیندرێ لە شیعرەکانی مەولەویدا. عەرووزی عەرەبی و لادان لە کێشی دە بڕگەیی لە شیعری هەورامیدا، بۆ شیعرەکانی شێخشەهاب کاکۆزەکریایی و مەیلی ئەگەڕێتەوە، بەڵام ئەوە سەیدی بوو کە بە جۆرێکی تر و چەند تایبەتمەندیی جیاوازی زمانی و مۆسیقاییەوە، ڕوخسارێکی تازەی لە شیعری هەورامیدا داهێنا. عەبدوڵڵا حەبیبی پێی وایە غەزەلی عەرووزیی هەورامی، هەرچەند کەمە و لە تەنیشت مەسنەوی دە بڕگەییدا تا سەردەمی سەیدی وەک ئەوە وایە هەر نەبێت، بەڵام مێژوویەکی درێژتری لە غەزەلی کوردیی ناوەندی هەیە و یەکەم شیعری عەرووزی، ئەگەڕێتەوە بۆ شیعرەکانی شێخ شەهابەددین کاکۆزەکریایی، بۆ نموونە غەزەلێکی بەم دەسپێکەوە:

جەماڵێوەم دیەن یاران تەعالا سونع ڕەببانی　　مەلایێک یا پەریزادەن بە وێنەی شکڵ ئێنسانی

و غەزەلێک لە «مەیلی» بەم دەسپێکەوە:

قیبلەم ئەگەر مزانی بێ تۆ هەنم چ حاڵێ　　بێ خورد و خاو مەمانی هەر ئیسە تا کەساڵێ

(هەمان: ۱۱۰)

لە سەردەمی سەیدیدا لە چەند ڕووەوە روخساری شیعری هەورامی تازە ئەبێتەوە و تێم و موتیڤەکان ئەورۆییتر و لەبەردەستتر. حەبیبی، لە پێشەکیی دیوانی سەیدیدا تازەگەرییەکانی ئەم شاعیرەی لە چوار خاڵدا بە تێر و تەسەل شی کردۆتەوە و لێرە بە کورتی ئاماژەیان پیئەکەین:

یەکەم: سەیدی زمانێکی تایبەت بە خۆی هەبووە لە بەشێک لە شیعرەکانیدا کە هەندێک بە ناوی هەورامی کۆن ناویان لێبردووە و هیچ شاعیرێک پێش ئەو، لەم زمانە کەڵکی وەرنەگرتووە.

دووهەم: شیعری لە سەر کێشی عەرووزی بەو زمانە کۆنە نووسیوە.

سێهەم: جۆرێک قاڵبی داهێناوە کە پێشتر لە شیعری هیچ شاعیرێکی فارسی و کوردیی ناوەندیدا نەبینراوە. ئەم قاڵبە تازە، لە سەر کێشی عەرووزیە و تەنیا قافیەی ناوەکیی هەیە و قافیەی کۆتایی نییە. لەم قاڵبە، سێ بەش لە هەر بەیتێکدا قافیەی ناوەکیی وەک یەکی هەیە:

ئامام نە ڕات بەی جەستەوە، پی حاڵی جەستەی خەستەوە

کێرەیم سڵۆم چیت نەستەوە، خۆ کافرستانی نیۆ

(هەمان: ٣٢٨)

وەک ئەبینرێ لەم دوو بەیتەدا، هەر بەیتێک ئەبێ بە چواربەش و بەشەکانی یەکەم و دووهەم و سێهەم، قافیەی وەک یەکیان هەیە، وەک: جەستەوە، خەستەوە و نەستەوە. شیعرەکەش تەنیا ڕەدیفی هەیە.

چوارەم: یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی سەیدی، نووسینی غەزەلی دە بڕگەییە لەسەر یەکێک لە قاڵبە تایبەتەکانی شیعری هەورامی، واتە دووپات کردنەوەی نیومیسراع لە میسراعی یەکەمدا، وەک پارچە شیعری «شیرین پەیوەندەن»:

شیرین پەیوەندەن، شیرین پەیوەندەن        دوو ئەبرۆی سیات وە هەم پەیوەندەن

(هەمان: ١١٣ و ١١٤)

ڕەنگاوڕەنگیی ناوەرۆک، لە دەسپێکی شیعری هەورامییەوە کە بە شیعری گۆرانیش ناسراوە، تاکوو زەمەنی سەیدی، بە شیعری بڕگەیی و عەرووزیشەوە هەمیشە بەردەوام بووە و لە دەوری هەندێ چەمکی وەک ئایینی، حەماسی، فێرکاری، عیرفانی، عاشقانە و خۆشەویستی، وەسفی سرووشت، وڵامی نامە، ساقینامە و هتد خول ئەخوات.

پاش سەیدی و شاعیرانی هاوچەرخی ئەو، بەرەبەرە بە ستاندارد بوونی کوردیی ناوەندی و کەوتنە پەراوێزی هەورامییەوە، تاکوو١٣٥٠ی کۆچی هەتایی (١٩٧٠ی زایینی)، شیعر لە هەوراماندا دۆخێکی وەستاوی هەیە؛ هیچ هەواڵێک لە شاعیرێکی تری ڕچەشکێن و شێوازخولقێنەر و داهێنەر

نییە و ئەوانەش کە لە پەراوێزدا بە شێوازە تاقی کراوەکانی پێش ئەنووسن، خەریکی لاسایی و دووپات کردنەوەی شاعێرەکانی پێش خۆیانن.

لە سەرەتاکانی دەیەی ۱۹۷۰ی زایینییەوە، شیعری کلاسیک لەو باری وەستان و گۆمە مەندە دەرباز ئەبێ و زۆرێک تایبەتمەندیی هاوچەرخ لە دەقی شاعیرەکاندا ڕەنگ ئەدەنەوە و بەرە بەرە ئەزموونی نوێی تاکەکەسی لە هۆنراوەکاندا ئەکەوێتە بەر چاو. ئەمە ئەو سەردەمەیە کە سەرەتای تێکەڵبوون و ڕووبەڕوو بوونەوەی شاعیری هەورامییە لەگەڵ ئەدەبی گەلان و دیاردە نوێکان و کۆمەڵگە گەورەکاندا. جیلێکی نوێ لە شاعیران، بە پێچەوانەی نەوەی پێش خۆیان، خولیای زانین و خوێندنەوە و داهێنانیان هەیە و بە ئاشنا بوون لەگەڵ نوێبوونەوەی ڕەوتە شیعرەکانی دراوسێ، ئەکەونە بیری تازەگەری لە شیعردا.

ئەو ڕۆڵەی سەردەمانە بەشێکیان ئەرکی ئاڵوگۆڕیی شیعری کلاسیک دەگرنە ئەستۆ و بەشێکی دیکەشیان دەست بە نووسینی شیعری ئازاد ئەکەن. بەڵام کەمیی شاعیران و نەبوونی هیچ بنکە و ئەنجومەن و گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوگە و پۆلێک، بۆ کارکردن لەسەر زمان و ئەدەبی هەورامی، ئەبێتە هۆکار کە هەردوو لقەکە جموجووڵێکی ئارام و یەکسانی هەبێ لە سێ دەیەی سەرەتاییدا. یەکێک لەو ڕووداوانەی کە بە تێکڕا وەک بوومەلەرزەیەک کۆمەڵگەی فەرهەنگیی هەورامانی شڵەژاند، مەترسیی لە ناو چوونی یەکێک لە کۆنترین زمانەکانی کوردی، واتە هەورامی بوو.

دەسکەوتی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی لە لایەن نووسەران و شاعیرانەوە، لە ئەنجامدا بوو بە دامەزراندنی ئەنجومەنە فەرهەنگی و ئەدەبییەکان و هەوڵ و کۆشش لە بوارە زۆر و جیا جیاکاندا بۆ پاراستن و پەرەپێدانی خوێندنەوە و نووسین بە هەورامی. لەو هەوڵانە ئەتوانین ئاماژە بە کۆکردنەوە و نووسینی فەرهەنگەکان، وەرگێڕان، دامەزراندنی پۆلی فێرکاری بۆ فێربوونی هەورامی، بڵاوکردنەوەی دەقی هەورامی لە هەندێک لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستانی عێراق و ئێران، کۆکردنەوەی سامانی ئەدەبی زارەکی، نووسینی پەخشان بە هەورامی و هتد ئاماژە بکەین. درووستبوونی ئەم هەلومەرجە، شاعیران و نووسەرانی لە دەور یەک کۆ کردەوە و فرەتر لە ڕاو و بۆچوونی یەکتر کەڵکیان وەرگرت.

### ۱-۲-شیعری کلاسیکی هەورامی تووشی چ گۆڕانێک بووە لەم نیوسەدەدا؟

دیارە لە ڕووی فۆرمەوە داهێنانێکی وەها ڕووی نەداوە؛ سەرەکیترین کێشی شیعری هەورامی کە مەسنەوی دە بڕگەییە، بەردەوام بووە و ئێستە لەبەرچاوترین فۆرم، کێشی عەرووزییە. لەم ساڵانە لەسەر هەموو کێشە عەرووزییەکان شیعری هەورامی نووسراوە و هەندێ قاڵبیتر وەک دووبەیتی و چوارینە، کە پێشتر لە زمانەکانی تری وەک فارسیدا هەبووە، هاتۆتە نێو هەورامی. بە گشتی

زمانی شیعر لە دەقە کلاسیکەکانی ئێستەدا سادەیە و ئیمڕۆیی؛ بووەتەوە ئەو زمانەی کە لە ئاخافتنی خەڵکدا ئەبینرێت. دوورکەوتنەوە لە وێنە کۆنەکان و شێوازی ڕستەسازیی شاعیرانی پێش، یەکێکی تر لە خاڵە پۆزەتیڤەکانی شاعیرەکانە.

وێنەکان لە بەر دەستن، خۆشەویست و مەعشووق بە پێچەوانەی پێش کە زۆرتر قودسی و ئاسمانی بوو، لەسەر زەوییە و لە سەنتەری جەماوەری خەڵک. لە تایبەتمەندییە هەرە گرینگەکانی شیعری کلاسیکی هاوچەرخ، گێڕانەوەی دۆخی مرۆڤی سەردەم و کۆمەڵگەی ئێستەیە، بە جۆرێک کە ئیتر شاعیر ناتوانێ لە بەرانبەر ئێش و ئازار و مەینەتییەکانی کۆمەڵگای خۆی و مرۆڤە هاوچەشنەکانی بێدەنگ بێ و لە شیعرەکەیدا هەوڵ ئەدات نالەباریی دۆخی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و تاکەکەسیی خۆی، بگێڕێتەوە بۆ بەردەنگ. ئەم بەشەی دوایی پێشتر زۆر بە دەگمەن لە شیعری هەورامیدا بینراوە. لەبەر ئەوەی ڕێژەی شیعر و شاعیرەکان زۆرن و لێرە دەرفەتی هاوردنی تەواوی هەموو شیعرەکان نییە، هەوڵ ئەدەین نموونە بە چەند بەیت بهێنینەوە کە جیاوازیەکانیان دیارە.

بۆرێوە با بسازم هۆبەو هەواروو عەشقی
دەس دەس گۆراڵێ تەنمێ دەورو حەساروو عەشقی
قەوڵێوە دابێمان یۆی، کەرمێش بە قوڵفوو دۆسی
هیچ ناحەزێ نەتاوۆ ڕا بوزۆ شاروو عەشقی

(یەزدانبەخش، ١٣٩٧: ٤٢)

جە من حەسرەت جە سەیدی خەم حەقێقەت بێ نیشاتێنمی
جە سایەو لوتفوو بێ لوتفا، بە ڕاسی خەم خەڵاتێنمێ

(حەبیبی، ١٣٩٧: ٨٢)

تۆشەبەرێو دڵتەنگیێ، جە دووریت ئینەی لامەنە
دەرزێو دڕەیێ بێ کەسی بێ تۆ مەڕیەینێ پامەنە

و

دەنگە دەنگێو مێ خیاڵێنی جە پاڵوو پەنجەرەی
وەروە وارۆ، خەم ڕەفێقا، چێش بۆ حاڵوو پەنجەرەی؟

(حەبیبی، ١٣٩٧: ٢١١و٢١٩)

چی شارەنە باوەڕ کەرە خاسەی زەرەرش هەن

زانا مەبە، وێت هەر کەرە، زانای زەرەرش هەن
تێڵا و تەوەنی ئەر نەوەری کەی سەمەرت هەن؟
تێڵاش وەنە شانانی درەختێو سەمەرش هەن
(قادرپوور، ۱٤۰۱: ۱۹)

قەوڵێوە پیایانە بە وێم دانم ئەگەر بەی
سەرتاسەروو ئا ڕێتە کەروو گیانم ئەگەر بەی
(حەبیبی، ۱۳۹۷: ۲۷۱)

**۳-شیعری نوێی هەورامی**

یەکەم شاعیرێک کە پشتی لە کێشی کلاسیک و بە تایبەت دە بڕگەیی لە شیعردا کرد، عوسمان موحەممەد هەورامی[٢٤] بوو. ئەم ڕچەشکێنییە سەرەتا لە ساڵی ۱۹۷۲ی زایینی، لە شیعری «ئەیروو دڵی»دا دەرکەوت. عوسمان موحەممەد هەرچەند پێشەنگی نوێخوازی بوو لە شیعری هەورامیدا و دیار بوو ئەم لادانەی لە ڕووی هوشیارییەوەیە، بەڵام بەداخەوە ئێستەشی لەگەڵدا بێ، نە شیعرەکانی وەکوو کتێب چاپ کرد و نە وەک گۆران و نیما، باسی ئەم داهێنانەی کرد.

سەرەڕای هەمووی ئەم کەموکوڕیە، ئەبێ دان بەوەدا بنرێت یەکەم کەسێک کە گۆمەکەی شڵەژاند، ئەو بوو و ئاشکرایە ڕەوتی شیعری نوێ لە کوردستانی عێراق، چالاکیی ئەنجومەن و مەڵبەندە فەرهەنگی و ئەدەبییەکان، بڵاو بوونەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار و هەروەها نزیکی و هاوڕێیەتیی شاعیرە دیارە نوێخوازەکانی ئەو سەردەمە -بە تایبەت شێرکۆ بێکەس- لەگەڵ عوسمان موحەممەد، لە لەبەرچاوترین هۆکارەکان و کاریگەرییەکان بووە بۆ ئەوەی شیعری هەورامی لە فۆرمێکی نوێدا لە سەر دەستی عوسمان موحەممەد تازە ببێتەوە:

«ئەیروو دڵی»

گرد نەیاروو دۆسێ ماچا/ دوور و نزیک/ سەرجەم مێژوونووسێ ماچا:/ ئۆرۆمۆنا/ هۆرامانا/ ئایرمانا/ ئێگە گەشە و/ دڵ و گیانوو گردیمانا/ شۆق و کڵپەو ئاتەشگاکا/ مژدەو پەشتاو پەشتیمانا... (محمدپور،۱۳۹۲: ۱۸۱).

وەک چۆن لەم پاژی سەرەتایی یەکەم شیعری نوێی هەورامیدا دیارە، عوسمان موحەممەد کێشی دە بڕگەیی شکاندووە، بڕگەکانی بە پێی پێکهاتەی دەقەکەی کەم و زیاد کردووە و وا دیارە چیدی باوەڕی نەبووە بەوەی کە لە هەر حاڵێکدا بێت، ئەبێ بە یەکسانی بڕگەکان بهێندرێن و

---

٢٤-(۱۹٤۰-۲۰۲۱ ز)

دەسکارییان نەکات. هەروەها ناوەرۆک و ئەندێشە و بابەتێک کە شاعیر باسی لێ ئەکات، هەڵقوڵاوی ئەزموون و تێڕامانێکی تاکەکەسی و سەردەمیانەیە.

پاش عوسمان موحەممەد، ئەوە لە کوردستانی ئێران بوو کە ڕەوتی شیعری نوێی هەورامی درێژەی پێ درا. لە سەرەتای دەیەی شەستی هەتاوییەوە، جەلیل عەباسی و ڕەئوف مەحموودپوور و دواتر کولسووم عوسمانپوور، هادی سپەنجی و پەرویز بابایی و هتد، دەستیان بە نووسینی شیعر بە فۆرمێکی ئازادەوە کرد. ئەوان بە نووسینی دەقگەلێکی جیاواز و ئەمڕۆیی، دامەزراندنی ئەنجومەنی «هەورامان» لە شاری پاوە و بڵاوکردنەوەی هەندێ لەو شیعرانە لە گۆڤارە ناسراوەکانی ئەو کاتەدا، وەک «سروە»، «ئاوێنە»، «میراجی» و «زرێبار»، دەنگی خۆیانیان گەیاندە بەردەنگ و بە خوێندنەوەی دەقەکان لە ڕادیۆ و کۆڕە ئەدەبییەکاندا، مزگێنیی بەردەوامی و هێڤمبوونی ئەم ڕەوتە پێشەنگەیان دا کە وەک شۆڵەیەک بە پێنووسی عوسمان موحەممەد داگیرسا و خۆی نەیتوانی درێژەی بدات.

ژەرەژێ وات/ مەزانوو چی/ ژەرەژەکێ جە زوانیم مەیاوانە/ دایم ماچوو:/ دووری گندێ/ وێتا نیشانە مەدەیدێ/ قاقبووەکەم ڕەمزا یانی/ وێ شاردێوە/ بەڵام، بەڵام/ مەیاوانە و مەیا وەرۆ/ ئیتر تەقەو تفەنگین و/ ونێ سوورەو ئادیشانە/ بۆ بە خەنێ کویسانی. (محمدپور، ١٣٩٢: ١٨٥).

پەرسام ئەرێ جوان!/ ئانە چەمێت/ چی سوورێنێ/ چوڕوچەمت/ چی چاڵچاڵا؟/ واتش:/ خاڵێ سەدامیەنێ/ بە شیمیایی پەیش کوانا.(مەحموودپوور، ١٣٦٩: ژمارە ٥٥ی *سروە*).

وەیلان و شۆنەو شیعرانا/ شیعرێ بێ دەنگێ هەوارا/ نانێ پەی شەوەو هەژارا/ بڕواتا بۆ/ شیعرێ نیەنێ دلێ دیوانوو کەسینە/ شیعرێ ئینێ دلێ دەسوو تاتەو مننە/ دلێ سوورەهەراڵەینە/ وەرکەمەروو کاکەیمەنە/ وێرەگا کۆساڵان مێوە/ ئینێ لاو جوانی ئەدێمۆ/ کە وەختوو بانەناو یانەو خانینە/ بی چێروو لیتەو خانیوە و ناواشارە. (عوسمانپوور، ١٣٨٣: ٣٩).

لە دەقی ئەم سێ شاعیرە کە لە هەرکام نموونەیەکمان خوێندەوە، وەک دەسپێکەرەکانی شیعری نوێی هەورامی لە کوردستانی ئێران، چەند تایبەتبەندیی زاڵ و سەرەکی دیارن:

یەکەم: فۆرمی شیعری نوێی هەورامی، لە کورتترین کاتدا، بە تەواوی لە کێشی کلاسیک دوور ئەکەوێتەوە و ئەم پشتهەڵکردنە، لە دەقەکانی ئەم سێ کەسە دەرئەکەوێت. وەک چۆن وترا عوسمان موحەممەد هێشتا بە جۆرێک پێبەندی کێشی بڕگەیی بوو و تەنیا بڕگەکانی زیاد و کەم کردبوو، بەڵام شیعری ئەو سێ شاعیرە ناوبراوە، بە تەواوی ئازاد و حورە و شاعیر، بۆ گەیاندنی مەبەست و ناوەرۆک، خۆی بە هیچ مۆسیقاییێکی دەرەکی نابەستێتەوە.

دووهەم: گێڕانەوەی ئەزموونی تاکەکەسی و سووژەکانی کۆمەڵگا لە لایەن شاعیرەوە و باس لەو ئازارانەی بە ئاشکرا تەنگی بە مرۆڤی ئەمڕۆیی هەڵچنیوە، یەکێکی‌تر لە خاڵە جیاوازەکانی سەرەتاییترین نوێخوازییەکانە.

سێهەم: زمانی شیعر، بە پێچەوانەی شیعرە کلاسیکەکان، سادە و بێ پێچ‌وپلۆچە و ڕێک ئەو زمانەیە کە خەڵکی قسەی پێ‌ئەکات.

چوارەم: دەنگی ژنان بۆ یەکەم جار لەگەڵ دەسپێکردنی ڕەوتی شیعری نوێی هەورامیدا، بە شێوەی جیددی دێتە نێو ئەدەبیاتی هەورامییەوە. هەرچەند کەسێک وەک جەهان‌ئاراخانمی پاوەیی وەک شاعیرێکی ناسراو و ساحیب دیوان، ناوی لە مێژووی ئەدەبی هەورامی تۆمار کراوە، بەڵام ئەوەی کە ژنێکی شاعیر لە گرفتی ژنانە بدوێ و باس لە دەسەڵاتی کۆمەڵگای پیاوسالار بکات، تا پێش شیعرەکانی کولسووم عوسمانپوور، نەبووە.

پێنجەم: جیاوازیی شاعیرەکان لە زمان، گێڕانەوە، ڕستەسازی و تەکنیک و خاڵەکانی دیکەشدا، لە دەسپێکی ئەم ڕەوتەوە تاکوو ئێستەش، بە خوێندنەوەی دەقەکان دەرئەکەوێ. واتە بە گشتی لە ڕەوتی شیعری نوێدا، نابینین شاعیرەکان لاسایی یەکتر بکەنەوە و ئەو کەسانەی بە شێوەی جیدی خەریکی نووسینی شیعرن، خۆیان خاوەنی دەنگ و ڕەنگی تایبەت بە خۆیانن.

سەرەڕای ئەوەی شیعری نوێ هەر لە سەرەتای دەیەی حەفتای زایینییەوە نووسرابوو و پاشان لە هەندێ گۆڤاردا شیعری شاعیرەکان چاپ بووبوو، بەڵام وەک کتێب، تا هەشتاکانی هەتاوی، تەنیا یەک کتێبە شیعر چاپ کرا. «پەپوولەی دڵ»، ناوی بەرهەمێکی هادی سپەنجیە کە ساڵی ۷۷ بڵاو بووەوە و بەشێکی کەم لەو کتێبە، شیعری نوێی هەورامیە. بە واتایەکی تر، ڕەوتی شیعری نوێ لە سێ دەیەی یەکەمیدا، بەرەو پێش‌چوونێکی هێواشی بووە؛ تەنیا هەر چەند ساڵێک و جارێک دەنگێک زیاد بووە و شاعیرانێکی لاوتر هاتوونەتە جەرگەی ڕەوتەکەوە. موحەممەدشەریف عەلیرەمایی، ساڵی ۸۱ی هەتاوی کۆمەڵە شیعرێکی نوێی دوو زمانە (کوردیی ناوەندی و هەورامی) بە ناوی «حەوتەوانە» بڵاو ئەکاتەوە کە بەشێک لەو شیعرانە هەورامین. ڕەئووف مەحموودپوور هەر لەو ساڵەدا، کۆمەڵە شیعری «زەڕنەو ئاسۆی» و ساڵی ۸۳ «هورپڕای گەچ و تەختەی» بڵاو ئەکاتەوە. ئەم دوو کتێبەی مەحموودپوور، لە یەکەم کتێبەکان بوون کە وەک کۆمەڵە شیعری نوێی هەورامی بڵاوبوونەوە؛ واتە دوو زمانە نەبوون و تەنیا شیعری نوێیان تێدا بوو. هەر لە ساڵی ۸۳ کولسووم عوسمانپوور کتێبە شیعری دوو زمانە (کوردیی ناوەندی و هەورامی)ی «گڕێ» چاپ ئەکات.

لە هەشتاکانی هەتاویدا، چالاکانی فەرهەنگی و ئەدەبی لە هەورامانی کوردستانی ئێران، بە هەستێکی بەرپرسیارانەوە خەریکی چالاکی ئەبن؛ بۆ یەکەمجار ئەنجومەنی تایبەت بە فەرهەنگ و زمان و ئەدەبی هەورامی بە شێوەی فەرمی دائەمەزرێت، وەک ئەنجومەنەکانی «ڕۆجیار» و «یانەو فەرهەنگ و ئەدەبوو بێسارانی». لە درێژەی چالاکییەکان و بڵاو بوونەوەی کتێبە شیعرەکان، پۆلێک لە شاعیران وەک درێژەدەری ڕەوتەکە، لە کۆتایی دەیەی هەشتادا شیعرەکانیان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا چاپ و لە کۆڕەکاندا پێشکەشی ئەکەن. لە قەبارەی کتێبیشدا سابیر سەعیدی دوو کتێب بڵاو ئەکاتەوە کە بەشێک لە هەردوو کتێبەکان شیعری نوێی هەورامییە و ئاشنا عەباسی کتێبێک، کە بەرهەمی شاعیرانی پاوە و هەورامانی تێدایە و لەو کتێبە، شیعری نوێ لە چوار کەس هێنراوەتەوە. باس لە ئەدەبی هاوچەرخی هەورامی لە کۆبوونەوەکاندا و یەکتر ناسینی شاعیران و نووسەران، ئەو هەلە ئەڕەخسێنێت کە دەیەی نەوەد، واتە لە ۲۰۱۰ بە دواوە، شیعری نوێ زۆرتر گەشە بکات.

هەورامان، لە سەرەتای هاتنی تەکنۆلۆجیاوە، هیچ میدیا و تەلەفزیۆنێکی سەربەخۆی نەبووە و زۆربەی ئەو شتەیش تاکوو ئێستە لە میدیاکانی ناوەندیدا لە هەورامان پیشان دراوە، ڕوانگەیەکی کارتپۆستاڵیی هەبووە و چەندە جەخت و پێداگری لەسەر پیشاندانی سروشتی هەورامان وەک بووکی کوردستان کراوە، ئەگەر نیو ئەوەندە ئاوڕ لە ئەدەب و فەرهەنگ و مۆسیقا بدرابایێتەوە، ئەوە ئێستە هیچ پێویستییێک بۆ نووسینی ئەم لێکۆڵینەوە نەبوو! هاتنی ئەنتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لە دەیەی نەوەددا، زۆرتر لە میدیا و سیستەمی پەروەردە و تەلەفزیۆن کاریگەر بوو بۆ ناساندن و گەشەدانی زۆرتری ئەدەبی هاوچەرخ و بە تایبەت شیعری نوێی هەورامی.

کۆی ئەو چالاکییانەی کە لەم دە، دوانزە ساڵەی دواییدا بۆ پاراستنی زمان و چالاکیی فەرهەنگ و ئەدەبی هەورامی کراوە، زۆر زۆرتر و بەپێزتر بووە لە هەموو چالاکییەکانی چوار دەیەی سەرەتا بۆ نموونە لەم دەیەدا، زۆرتر لە چل ساڵی پێش کتێبەشیعر چاپ بووە. بە گشتی، ئەگەر بمانهەوێت بە هەندێک لەو نووسینانەی کە دەربارەی شیعری نوێ لە قەبارەی کتێب، وتار و یادداشتدا بڵاو کراونەتەوە ئاماژە بکەین، وەک نموونە ئەتوانین لە دەقەکانی ئەم نووسەرانە ناو ببەین: عادڵ موحەممەدپوور (وەکوو کتێبەکانی: *هۆرزانە*، *طرح*، *چەکەریای حەزێ تازێ و عومرێ جادە*)، ڕەئووف مەحموودپوور (وەکوو کتێبی *گۆڕمانە*، وتارەکانی «ڕەوتوو شێعرێ و شەپۆلەو ڕاوانا» و «پرۆسەو شێعرێ و ئەرمانەو گەمەی جە کاڵفامیی وێ گەوجنایەنە»، کەیهان عەزیزی (لە وتاری «ئاو بەردەوام قسە دەکا بە بێ ئەوەی وتەیەک دووپات کاتەوە» لە کتێبی *هەسارێوە وەرم زرِیا۲*)، سوهەیب فاروق (لە وتارەکانی «پۆستەرەشێعرە جە شێعرەی تازێ هەورامانینە» لە

کتێبی *هەسارێوە وەرم زرپا۲* و وتاری «سووریالیزم لە شێعری ئاوانگاردی هەورامیدا»، فەرشید ڕۆستەمی (لە وتارەکانی «وەختێوە پەی مەردەی دەنگەکا» و «بازدێ تەنیاییەکاشا بنویساوە» و پێشەکیی کتێبی *وطنی برای زخم و تنی برای عشق*).

تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بوونە هۆکار تاکوو بە شێوەی سەرهێڵ، سەدان کەس لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستان و دونیادا، سەرەڕای فێربوونی خوێندنەوە و نووسین بە هەورامی(زمانی دایکیی خۆیان)، ئاگاداری بەرهەم و داهێنانە نوێکانی ئەدەبیاتیش بن و خوێندنەوە و بەهرە وەرگرتن لە ئەدەبی یونیوێرساڵ، یارمەتی شاعیرەکانی دا بۆ نووسینی دەقی تازەتر (ڕۆستەمی، ۱٤۰۱: ۲۰).

تا ئێستە کۆی ئەو کتێبە شیعرە نوێیانەی لە ماوەی ئەم نیوسەدەدا بە هەورامی چاپ کراون، زۆرتر لە سی کتێبن و بەشی هەرە زۆریان لە دەیەی نەوەدی هەتاوی و پاش نەوەد بڵاو بوونەتەوە. هەروەتر، هێشتا هەندێک لە شاعیرەکان کە دەنگێکی جیدین لەم ڕەوتەدا، کتێبەشیعریان چاپ نەکردووە. کەسانێک وەک: ژوان ڕەحیمی[۲٥]، سورەییا زارعی[۲٦]، جەلیل عەباسی، شیلان کەریمی[۲۷]، نامق هەورامی[۲۸]، بێهرووز موحەممەدپوور[۲۹]، فەرشید ڕۆستەمی[۳۰] و سابیر عەزیزی[۳۱] لەو شاعیرانەن کە هەرکام یەک کتێب یان زۆرتر لە یەک کتێبەشیعریان لە نەوەد و پاش نەوەدی هەتاوی چاپ کردووە. هەر لەم دەیەدا بوو کە ئەو ڕەوتە فرە ڕەنگ و دەنگەی وا لە هەورامانی کوردستانی ئێران گەشەی سەند، کاریگەریی خۆی بە سەر جیلی تازەی شاعیرانی هەورامیی کوردستانی عێراقیشەوە دانا و بوو بە بنەماییێک تاکوو ئەوانیش بە فۆرمی نوێ و ئازادەوە شیعر بنووسن کە لەوانە ئەکرێ بە دەقەکانی سوهەیب فاروق و نامق هەورامی ئاماژە بکەین.

هەرچەند دەسپێکی شیعری نوێی هەورامی لە ژێر کاریگەریی شیعری کوردیی ناوەندیدا بوو، بەڵام دەقەکان شایەتی ئەوە ئەدەن دەرچوون یان هەوڵی دەرچوون لە ژێر سێبەری زاڵی شیعری کوردیی ناوەندی و فارسیدا، وەک دوو ڕەوتی شیعری هاوسێی هەورامان و کەشفی جوانییە ئەدەبییەکان، بە جۆرێک کە مۆرکی هەورامانی پێوە بێت، هەمیشە لە شیعرەکاندا دیارە.

---

۲٥- ۱- یاسینەو سەمەرگوو تیشکێ(۱٤۰۰)، چاپەمەنیی نماد اندیشه: تاران ۲- ڕاشا(۱٤۰۱)، هەمان بڵاوگە.
۲٦-خودایچ پەی تۆ وەیش کەردێنە(۱۳۹٥)، چاپەمەنیی ڕێباز: مەریوان.
۲۷-هەناسەو عەشقی(۱۳۹۹)، چاپەمەنیی زایەڵە: مەریوان.
۲۸-پژگیا(۲۰۱۳)، چاپەمەنیی یەکیەتیی نووسەرانی کورد/لقی کەرکووک.
۲۹-۱- واڕێژەو شێعرا(۱٤۰۱)، چاپەمەنیی زایەڵە: مەریوان ۲- زرپای بێ دەنگی(۱٤۰۰)، هەمان بڵاوگە.
۳۰-شپرز یانی من، دنیا، ئەفغانستان(۱۳۹۷)، چاپەمەنیی گوتار: سەقز.
۳۱-نەپەردەچیام تا پەردەچیۆم دیدارێ نەترەکا(۱۳۹۸)، چاپەمەنیی زایەڵە: مەریوان.

دەلاقە و مانگە و نەمامو سوورەساویە/ چە خیاڵ پڵاویە!/ دەلاقە؟/ قرخێن داڵوتیە بێ سەمەر/ لواینە قرخەو ئاسمانیشەرە و/ وەرچەم/ یۆوەمین قەمچوو خیابانییە نەفەکە لارینە گلێریان.
(ڕۆستەمی، ١٣٩٧: ژ ٩٩٦ی حەوتەنامەی *سیروان*).

گەرەکما هەناسەو ئاوێ/ دەمنوەنە ژیانی/ جریوەو هەسارەکا کەروو قەڵەم موویو/ کێشوو تابلۆ ئاشنایی/ یۆ یۆ لەمۆ ئاوراکا/ پەڕ کەروونە جە مزانی (موحەممەدپوور، ١٣٩٢: ٢٠٢).

شۆنوو ئانەیەرە/ پردوو سەڵاتیەنە پڕانیوە ئەودەس/ چنگڵێو هەنجیریم پەنە بیاوندێ و/ قەوارێوە گجی گوڵدار و/ کندرێوی سوور/ تا باقێوە ولێش پنە بینوو/ گەرەکما وەڵێو خودایەنە/ سەرێو بلوو لاو ئەدێم (کەریمی، ١٣٩٨: بێ لاپەڕە).

سڵتاحم کەرە/ با شەرموو شەوبۆی/ لکە وەرۆ پەرێشانی قژامۆ (ڕەحیمی، ١٤٠١: ٣٣).

کێ ماچۆ/ کناچێوە چن جارێ/ بەخێڵیش/ بە ڕووتە لەقیە نەبەردەن؟! (امینی، ١٣٩٦: ش ٩٦٦ هفتەنامە *سیروان*).

### ١-٣- لێکۆڵینەوە لەسەر سەرچاوەکان

لەبەر ئەوەی هەورامان (لە هەر دوو دیوی کوردستاندا) لە سێ دەیەی سەرەتایی ڕەوتی ئەدەبیاتی هاوچەرخدا هیچ گۆڤار و ڕۆژنامە و مەکۆیێکی تایبەتی نەبووە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان، شاعیران هەندێ جار لەو گۆڤارانەی کە تایبەت بە کوردیی ناوەندی بوون، دەقیان بڵاو کردووەتەوە. نەبوونی تریبوونێکی سەربەخۆ لە هەورامان، کێشەی زۆری بۆ شاعیرانی پێشەنگی ئەو کات واتە عوسمان موحەممەد، جەلیل عەباسی، ڕەئووف مەحموودپوور و کولسووم عوسمانپوور بۆ چۆنیەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی نوێخوازییەکانیان درووست کردووە. گرینگی ئەم کێشە سەبارەت بە بەرواری نووسینی یەکەم شیعری نوێی هەورامی، دژایەتی و نەرێنی و بۆچوونی جیاوازی پێکهێناوە.

سەرچاوەکان تا ئێستە ئەم بابەتە جەخت ئەکەنەوە کە یەکەم کەسێک شیعری نوێی هەورامیی نووسیوە، عوسمان موحەممەد بووە. لە سەرەوە باس لە شیعری «ئەیروو دڵی» و کاتی نووسینەکەی کرا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەبێ دان بەوەدا بنرێت تاکوو ئێستە هیچ سەرچاوەیێکی متمانە پێکراو نەدۆزراوەتەوە کە پیشان بدات شیعری «ئەیروو دڵی» لە ساڵی ١٩٧٢دا چاپ و بڵاو بووەتەوە. نووسەری ئەم توێژینەوە دوای هەوڵێکی زۆر و تەنانەت سەردانی ماڵی ڕەوانشاد عوسمان موحەممەد، نە تەنیا سەرچاوەی ئەو شیعرەی دەست نەکەوتووە، بەڵکوو هیچ بەڵگەیەکی شارۆ نەکردووە کە نیشاندەری ئەوە بێت عوسمان موحەممەد لە دەیەی حەفتای زایینیدا شیعری نوێی هەورامیی نووسیوە

و ئەو شیعرە لە شوێنێکدا چاپ کراوە. وەک چۆن ڕوونە، دەستنووس و قسەی شاعیریش نابێتە بەڵگەی زانستی.

عادڵ موحەممەدپوور لە کتێبی *طرح*دا بۆ ئەوەی کە عوسمان موحەممەد وەک یەکەم شاعیری ڕچەشکێنی هەورامی پێناسە بکات، بەڵگە بە شیعری «ئەیروو دڵی» ئەهێنێتەوە و دیاری ناکات ئەم دەقە لە چ شوێنێک لە ساڵی ۱۹۷۲دا چاپ بووە. هەروەها لە پەراوێزی هەمان لاپەڕەدا (بڕوانە ل. ۱۸۱ی کتێبی *طرح*)، ناوی هەندێ شیعر لە شاعیری ناوبراو و کاتی نووسینیان ئەهێنێتەوە کە سەرچاوەکانیان نادیارن. تاکوو ئێستە کۆنترین دەقی شیعری لە عوسمان موحەممەد کە بتوانین وەک بەڵگەیەکی زانستی و ئاکادیمی پشتی پێ ببەستین، دوو شیعرە: شیعری «گۆرانیە نەمرەکا ماچمێ» لە گۆڤاری *نووسەری کورد*، لە تەمووزی ۱۹۸۱ز و شیعری «وەشەویسیما جە گەردوونی فراوانتەرا» لە هەمان گۆڤار، لە شوباتی ۱۹۸۳ز.

کتێبی *طرح* لە ساڵی ۱۳۹۲ی هەتاوی بڵاو بووەتەوە و نووسەر دیسان لە کتێبی *هۆرزانە*، واتە هەشت ساڵ دوای کتێبی *طرح*، جگە لەوەی کە ناوی گۆڤار و ساڵی چاپی هەردوو شیعری «گۆرانیە نەمرەکا ماچمێ» و«وەشەویسیما جە گەردوونی فراوانتەرا» ئەنووسێت (بە بێ ئاماژە بە ژمارەی گۆڤار!)، دیسان بۆ تاوتوێ کردنی باسەکەی، پشت بە شیعری «ئەیروو دڵی» -وەک دەقێک کە لە ساڵی ۱۹۷۲ز نووسرابێت- ئەبەستێ و لەوێش ناوی سەرچاوەکە دیاری ناکات (بڕوانە ل. ۱۸ی کتێبی *هۆرزانە*). هەروەها لە وتارێکدا بە ناوی «ڕەوتوو شێعرێ سەردەمیانێ هورامی و ڕیتموو دەهەبەننی دەقە شێوازخێزنەکا» لە ژمارە ۲۵۳ی گۆڤاری کاروان، ساڵی ۲۰۲۳ز، واتە دە ساڵ دوای چاپی کتێبی *طرح* و دوو ساڵ دوای کتێبی *هۆرزانە*، ڕێک هەر وەکوو پێش باسی شیعری «ئەیروو دڵی» ئەکات، بە بێ سەرچاوە. بەڵام ئەوەی کە نووسراوەکەی گۆڤاری کاروان وەک وتار پێناسە بکەین، کارێکی ئەستەمە، چوونکە دێڕ بە دێڕ کۆپییێکە لە لاپەڕەی ۱۱تا ۲٤ی کتێبی *هۆرزانە*! نووسەر ئەڵێت کە عوسمان موحەممەد خۆی وتوویە شیعری «ئەیروو دڵی» لە دەیەی حەفتای زایینیدا چاپ بووە، بەڵام تاکوو ئەو بەڵگە بکەوێتە بەردەستی خوێنەران، ئەرکی زانستیی ئەم قسە لە ئەستۆی بەڕێز عادڵ موحەممەدپوورە، واتە ئەو بەرپرسە و نووسەری ئەم توێژینەوەش، بۆ بەرواری شێعری «ئەیروو دڵی» ڕێفرێنس بە ئەو دەداتەوە!

### ۳-۲- تایبەتمەندییەکانی شیعری نوێی هەورامی

بە وردبوونەوە لەم نموونانەی سەرەوە و ئەوانەی پێشتر هێنران، دەرئەکەوێ ڕەوتی شیعری نوێی هەورامی هەر لە سەرەتاوە تا ئێستە، چەند تایبەتمەندی و جیاوازیی بنەڕەتی لەگەڵ شیعری پێش خۆی هەیە و بە کورتی باسیان ئەکەین. ۱-شیعرەکان بە هەموو زاراوە و ئەکسێنتەکانی هەورامان

نووسراون و زمانێکی یەکدەست بوونی نییە؛ واتە بە شێوەزاری تەختی و لهۆنی و ژاوەرۆیی، شاعیرەکان شیعریان نووسیوە. ٢-هەموو جۆرە ناوەرۆک و بابەتێک لە شیعرەکاندا دیارە، لە سروشتی و خۆشەویستی و کۆمەڵایەتییەوە بگرە، تا شۆڕشگێری و نیشتمانی و سیاسی. ٣-شاعیران بە پێچەوانەی سەردەمی پێش، بەرانبەر بە ڕووداو و کارەساتەکان بێدەنگ نین و خاوەن هەڵوێستن و ئەمەش لە دەقەکاندا بە ئاشکرایی ڕەنگی داوەتەوە. ٤-شیعری ژنان، شان بە شانی پیاوان بەردەوام لە گەشەدا بووە و ژمارەی شاعیرانی ژن و باشیی شیعرەکان ، ساڵ بە ساڵ زۆرتر بووە. ٥- زمانی شیعری ژنان ڕووتە لە هەرجۆرە شەرمێک و شاعیر، بوێرانە قسەی خۆی ئەکات بێ ئەمە خۆی سانسۆڕ بکاتەوە. ٦- شێوازگەلی جیاوازی شیعری بوونی هەیە، لە شیعر بە کێشی نوێ و سەمبولیکەوە بگرە، تا تەکنیکاڵ و کۆنکرێت. ٧-ڕەوتی شیعری نوێی هەورامی، ڕەوتی ڕەخنەی ئەدەبیشی لەگەڵ خۆی هێناوەتە مەیدانەکەوە و یەکەمین بابەتە ڕەخنەییەکان و زۆرترینەکان، دەربارەی شیعر و شیعری نووسراوە.

**٤- ئەنجام**

مێژووی شیعری هەورامی وەک سامانێکی دەوڵەمەندی ئەدەبی کوردی، بۆ زۆرتر لە هەزار ساڵ پێش و شیعری «هورموزگان» دەگەڕێتەوە. سەرەڕای بەردەوامیی ئەم پرۆسە لە هەورامان، هەمیشە شاعیرانی کلاسیک، شێوازخولقێنەر بوون و شیعریان لە ناوەرۆک و کێشدا تازە کردووەتەوە. بە ستاندارد بوونی کوردیی ناوەندی لە کوردستانی عێراق و ئێران، تا ڕادەیەک شیعری هەورامی کز ئەبێ و لە ڕەوتە پێشەنگەکانی هاوسێی خۆی جێئەمێنێ. بار و دۆخی سیاسی-کۆمەڵایەتی و ئاشنابوون لەگەڵ ئەدەبی جیهانی، هۆکاری سەرهەڵدانی شێوازێک تر لە شیعرە لە کوردستاندا. لە ساڵی ١٩٧٠ زایینی بە دواوە، شاعیرانی هەورامی نووسیش لە ژێر کاریگەریی شیعری کوردیی ناوەندی و خوێندنەوەی شیعری نوێی فارسیدا، دەست بە هۆنینەوە و تازەگەری ئەکەن لە شیعردا و هەوڵ ئەدەن شیعر لە فەزای زمان و فۆرم و ناوەرۆکی کلاسیک دەرباز بکەن. هەوڵەکان ئەبنە دوو بەش؛ هەندێک لە شاعیران کە پێبەند بوون بە کێشی کلاسیک، قاڵبی تازە ئەهێننە ناو شیعرەوە و بە پێچەوانەی پێش کە کێشی گشتگیر مەسنەوی دە بڕگەیی بوو، لە سەر کێشی عەرووزی بە هەموو بەشەکانییەوە شیعر ئەنووسن و ناوەرۆکی غەزەلەکان تازە و ئەمڕۆیی ئەکەنەوە. لە لایێکی ترەوە، هەر لە حەفتاکانی زایینیدا، یەکەم شیعری نوێی هەورامی کە خولیای پشت کردنییە لە هەرجۆرە کێشی کلاسیکێک، ئەنووسرێ و لە کوردستانی ئێرانیش لە شەستەکانی هەتاوییەوە بە نووسینی هەندێ دەقی شیعری بە فۆرمی ئازادەوە، بە تەواوی شیعر لە ژێر سێبەری کێشی کلاسیک دێتە دەرەوە. سێ دەیەی یەکەمی ئەم ڕەوتە، جموجووڵێکی ئەوتۆی نییە، بەڵام دوو دەیەی

کۆتایی، سەردەمێکە کە دەیان کتێبە شیعر چاپ ئەبێ و شاعیرانێکی زۆر و خاوەن دەنگ، یارمەتیدەری بەردەوامی و گەشەی ڕەوتەکە ئەبن. لەو خاڵانەی بوونەتە هۆی هێقمبوونی ئەم ڕەوتە، بەشداری و سەرهەڵدانی ژنانی شاعیرە وەک دەنگێکی مۆدێرن، جیاوازی لە نێوان شاعیرەکاندا و نەبوونی لاسایی کردنەوە و نووسینی شیعر بە هەموو زاراوەکانی هەورامی.

## سەرچاوەکان

### ئەلف. کوردی:


پیربال، فەرهاد (۲۰۰۷)، *گەنجە کوردەکان: یەکەمین پرۆژەی مەعریفی کورد لە مێژوودا*، سلێمانی: بیر و هوشیاری.

حەبیبی، عەبدوڵڵا (۱۳۹۷)، *خامە و خەیاڵ*، مەریوان: زایەڵە.

حەبیبی، عەبدوڵڵا (۱۳۹۸). *دیوانوو سەیدی هەورامی*. سنە: کوردستان.

خەزنەدار، مارف (۲۰۰۵)، *مێژووی ئەدەبی کوردی*، بەرگی پێنجەم، هەولێر: ئاراس.

ڕۆستەمی، فەرشید (۱۳۹۷)، «وەختێوە پەی مەردەی دەنگەکا»، *گۆڤاری هۆنە*، ژ. ۲.

ڕۆستەمی، فەرشید (۱۳۹۷)، «سوورە ساوەکێش (ئەوەوانایو شێعرێوە جە مەهدی ئەبری)»، *حەوتەنامەی سیروان*، ژ. ۹۹٦.

ڕۆستەمی، فەرشید (۲۰۲۳)، بازدێ تەنیاییەکاشا بنویساوە، *ئەدەب و کولتووری هەورامان(لێکۆڵینەوەکانی ساڵی سێیەمی دیداری ئەدەبیاتی هەورامان)*.

ڕەحیمی، ژوان (١٤٠١)، *ڕاشا*، تاران: نماد اندیشه.

ڕەسول حەمەدئەمین باڵەکی، یادگار (۲۰۰۵)، *سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی۱۸۳۲-۱۸۹۸*، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

طاهر، ئامر (۲۰۰٦)، *نیمایوشیج و عەبدوڵڵا گۆران، نوێکردنەوە و دابڕان*، دهۆک: دار سپرێز.

عوسمانپوور، کولسووم (۱۳۸۳)، *گرێ*، سنە: نووسەر.

فاروق، سوهەیب (۲۰۲۱)، «سووریالیزم لە شیعری ئاوانگاردی هەورامیدا»، *ئەدەبیاتی هەورامی و چەند باسێک*، ئامادە کردن: شاخەوان سدیق، سلێمانی: چاپخانەی کارۆ.

کەریمی، مودریک (۱۳۹۸)، *ئەلبومە شیعری «یانەو هەناسەکام»*، بێ‌نام.

محەمەد، عوسمان (۱۹۸۱)، «گۆرانیە نەمرەکاما ماچمێ»، *گۆڤاری نووسەری کورد*، خولی دووهەم، ژ. ۷.

محەمەد، عوسمان (١٩٨٣)، «وەشەویسیما جە گەردوونی فراوانتەرا»، *گۆڤاری نووسەری کورد*، خولی دووهەم، ژ. ١١.
موحەمەدپوور، عادڵ (١٤٠٠)، *هۆرزانە*، مەریوان: ئەوین.
مەحموودپوور، ڕەئووف (١٣٦٩)، خاڵێ سەدامی، *گۆڤاری سروە*، ژ. ٥٥.
مەحموودپوور، ڕەئووف (١٣٩٦)، «پڕۆسەو شێعرێ و ئەرمانەو گەمەی جە کاڵفامیی وێ گەوجنایەنە»، *حەوتەنامەی سیروان*، ژ. ٩٧٠١.
مەحموودپوور، رەئوف (١٣٩٧)، *گوژمانە*، مەریوان: زایەڵە.
مەحموودپوور، ڕەئووف (٢٠١٢)، *هەسارێوە وەرم زڕیا٢*، هەولێر: ڕۆشنبیری.
مەحموودپوور، ڕەئووف (٢٠٢٣)، «ڕەوتوو شێعرێ و شەپۆلەو ڕاوانا»، *گۆڤاری کاروان*، ژ. ٢٥٣.
مەولەوی تاوەگۆزی (١٣٨٦)، *دیوانی شیعر*، سنە: کورستان.
یەزدانبەخش، مۆمن (١٣٩٧)، *هەواروو عەشقی*، پاوە: ئارۆ.

**ب. فارسی**

امینی، کورش (١٣٩٦)، «نگاهی گذرا به چند شعر آوانگارد هورامی از مهوش درستکار»، *هفتەنامەی سیروان*، ش. ٩٦٦.
رستمی، فرشید (١٣٩٩)، *وطنی برای زخم و تنی برای عشق* (گزیده شعر نو هورامی)، تهران: افرود.
رستمی، فرشید (١٤٠١)، «نگاهی به فراز و فرودهای شعر نو هورامی»، *آوای تبعید*، ٢٠٢٢، ش. ٢٨، ص. ٢٠.
شمیسا، سیروس (١٣٩٨)، *سبک شناسی شعر*، چاپ هشتم از ویراست دوم، تهران: میترا.
لنگرودی، شمس (١٣٧٠). *تاریخ تحلیلی شعر نو*. چاپ دوم. ویرایش دوم. تهران: مرکز.
محمدپور، عادل (١٣٩٢)، *طرح: جریان شناسی شعر کردی هورامی از ابتدا تا به امروز*، مریوان: اوین.